مسألة التخارج

دەرچون یان دەرچواندنی میراتگر لـەبەشە میرات

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بسم الله الرحمن الرحيم سوپاس و ستایشی زۆر و بی پایەن بۆ زاتی الله برژێ ڕەحمەت و بەرەکەت بەسەر خۆشەویستی خوا پیغەمبەرمان محمد صلی الله علیه وسلم . بەریزان بابەتیکی تری زۆر گرنگ لەبابەتەکانی میرات هەرچەندە کورت و کەمە بەلام زۆر گرنگ و پێویستە بزانری و گرنگی تەواوی پی بدرێ ئەویش بریتی یە لە بابەتی { التخارج } .

مانای التخارج :- بریتی یە لە پیك هاتن و ڕێك کەوتنی میرات گران لە نیوان خۆیان واتە صولح کردن بەدەرچونی یەکیك لە میراتگران لەبەشی خۆی لەبەرامبەر پارە یان شتیکی تر کە وەری گریت ئەم گرییەستەش حوکمی – المعاوضة – ی هەیە لە شەرع دا .

ئەصل و بچینەی ئەم گرێبەستە لە کوێ هاتوەو سەری هەلداوە ؟ ئەم گرێ بەستە دروستە بەڕەزامەندی میراتگرەکان بە مەرجی دیاری کراو وە بەلگەی دروست بون :-

١- خوای تعالی دەفەرموێ لە سورەتی النساء ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا (٢٩). مانای ئایەتە پیرۆزەکە ئەوە دەگەینی کە خوای تعالی قەدەغەی کردوە خواردنی مالی برای خۆت بە بێ ڕەزامەندی واتە گەر رازی نەبن مالی کەس بۆ کەس نابێ وە – تخارج – وەك باسمان کرد حوکمی – المعاوضة – ی هەیە لەشەرع دا کە گرییەستێکی دروست و ڕەوایە کە ئەویش ڕەزامەندی تیدا مەرجە .

٢- خوای تعالی لە سورەتی النساء دەفەرموێ ((لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا (١١٤) مانای ئایەتەکە ڕۆنە کە صولح و ئاشتەوایی چەندە گەورەیە لەلای زاتی الله بەگشتی لەهەموو شتیك وە تخارج جۆریکە لە صولح کردن و پیکهاتن .

وە چەندەها ئایەتی تر .

٣- ابن عباس ڕەزای خوا لەسەریان بی فەرمویەتی { يتخارج الشريكان واهل الميراث فياخذ هذا عينا وهذا دينا فان نوى لاحدهما لم يرجع على صاحبه } ئەمەش ئەوە دەگەینی کە ئەگەر لە نیوان میراتگرەکان میرات لای هەندەکان بو لای ئەوانەی تر نەبوو ئەگەر لیك رازی بن دروستە صولح بکەن داوای دەرچون لە میرات بکەن گەر برە پارەیەك یان هەرشتیکی تریان پی بدرێ.

٤- ئەوەی ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی کردوە لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم { الصلح جائز بين المسلمين الا صلحا حرّم حلالا او احلّ حراما والمسلمون على شروطهم الا شرطا حرم حلالا او احل حراما}

٥- یەکێ لە خیزانەکانی عبدالرحمن کوری عوف صولحی لەگەل میرات گرەکانی تر کرد دەرچوو لە چواریەکی هەشتیەکەکەی کە مافی خۆی بوو بۆ ٨٢ هەزار دەرچی لە میراتەکە ئەوانیش رازی بون ئەمەش خۆی تخارجە بە کردەوە کە ئەم ریوایەتەش لە ابن عباس رەزای خوای لەسەربی ریوایەت کراوە .

<u>چۆنیەتی التخارج:-</u> یەك یان زیاتر لە میراتگرەکان لە میراتەکە دەردەچی لەبەرامبەر ئەوەی کە بەدەلیك وەرگرێ بەمەرجیك بەدەلە وەرگیراوەکە :-

- بەدەلەکە مال بی لە میراتەکە بدری بە صولح لەگەل کراو .
- بەدەلەکە لە میراتەکە نەبی لە غەیری میرات بێ.
- بەشێك بی لە عەینی میراتەکە ئەگەر مال نەبی واتە زەوی یە یان خانوە ...

<u>دریژەی بابەتەکە:-</u> تخارج چوار حالەتی هەیە:-

<u>حالەتی یەکەم:-</u> یەك لە میراتگرەکان لەبەشی خۆی دەردەچێ لەبەرامبەر برە پارەیەکی دیاری کراو لە دەرەوەی میراتەکە جا ئەو میراتگرەی صولحی لەگەل بکات ئەوا بەشەکەی بۆ ئەو دەبی کە صولحی کردوە و بەشەکانی دەخریتە سەربەشەکانی صولحکارەکە :

نمونە [1] :- پیاوێك مردوە لە پاشی بەجێماوە { ژن – کور – کچ } کورە میراتگرەکە صولحی کرد لەگەل ژنی مردوەکە کە ئەویش میراتگرە واتە داوای لە ژنی مردوەکە کرد یان ژنەکە داوای کرد کە برە پارەیەکی بدریتی لەمالی تایبەتی کورەکە نەوەك لە میراتەکە هەردولا رازی بوون بەم شیوەیە : -

پیش صولح کردن

ژن	کور	کچ	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٨	ماوە للذکر مثل حظ الانثیین		٨	٨×٣
١	٢١=٣×٧			٢٤
٣=٣×١	١٤	٧		

پاش صولح کردن

پاش ئەوەی مەسەلەکەمان حەل کرد و ئەصلی مەسئەلە لە ٨ بەلام ماوەی دوای ژنەکە کە ٧ بەش بوو دابەشی کورو کچەکە نەدەبو جارانی ٣ کرا بۆیە بەشی ژنەکە ٣سهم و بەشی کورەکە ١٤ سهم و بەشی کچەکە ٧ سهم ، ئینجا لەبەر

ئەوەی کورەکە صولحی لەگەل ژنی مردوەکە کردوە بە تخارج لە مالی تایبەتی خۆی ئەویش رازی بوو بۆیە بەشی ژنەکە بۆ کورەکە دەبیت واتە : بەشی کورەکە { ١٤+٣= ١٧ سهم } و بەشی کچەکەش تەنها ٧ سهمە .

نمونە[٢] :- ژنێك مردووە لە پاشی بەجێماوە { میّرد – کور – داك } لەم مەسئەلەدا کورەکە لەگەل میردەکە ریك کەوتن کە برە پارەیەکی بداتی لە حیسابی تایبەتی خۆی نەوەك لە میرات و ئەویش رازی بوو کە تخارج بکا و لە میرات دەرچی واتە :-

پیش صولح کردن:-

میّرد	کور	داك	مەسئەلە
١/٤	ماوە	١/٦	١٢
٣	٧	٢	

پاش صولح کردن:

کورەکە ریك کەوت لەگەل میردەکە کە دەرچی لە بەشە میراتەکەی کەواتە کورەکە دیتە شوین صولح لەگەل کراوەکە واتە بەشی میردەکەش بۆ کورەکە دەبی : {٣+٧ = ١٠سهم } وە دایکەکەش تەنها ٢ سەهمی هەیە .

حالەتی دووەم:- ئەوەیەمیراتگرەکان لە دەرچواندنی یەکیك لە میراتگران هاوبەشن و بەیەکەوە بەشدارن لەسەر پێدانی برە پارەیەك لە مالی تایبەتی خۆیان نەوەك لە میراتەکە لەم حالەتەدا وا دائەنری کە میراتگرە دەرچوەکە بونی نیە . واتە میراتەکە بەسەر ئەوانە دابەش دەکری کە بەشدار بونە لە تخارج و صولح کردن لەگەل دەرچوەکە :-

نمونە[١] :- کەسێك مردوە لەپاشی بەجێماوە { داك – ٢کور – ١کچ } : داکەکەو دوو کورەکە صولحیان لەگەل کچەکە کرد واتە کچەکە رازی بوە بە دەرچونی لەبەشی خۆی بە برە پارەیەك کە دایکەکەو دوو کورەکە بەیەکەوە دەیدەن بە کچەکە لەم حالەتە وا دائەنری کە کچەکە بونی نیە بۆیە میراتەکە بەم شیوەیە دەبی :-

داك	٢کور	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٦	ماوە	٦	٢×٦
١	٥		١٢
٢=٢×١	١٠=٢×٥ ٥ ٥		

نمونە[٢] :- کەسێك مردووە لە پاشی بەجێماوە :- { کچ- کچی کور – داك – مام } لەم مەسئەلەدا داکەکەو کچەکەو کچەکەی کور صولحیان لەگەل مامەکە کرد بەدەرچونی لە میرات بە بری پارە بیدریتی بەهاوبەشی هەر سێ میراتگرەکە بەلام لە مالی تایبەتی خۆیان نەوەك لە میرات لەم حالەتە وا دائەنری مام بونی نیە لە میرات :-

داك	کچ	کچی کور	مەسئەلە
١/٦	١/٢	١/٦	٦ دەبیتە ٥
١	٣	١	ماوە ١ واتە مەسەلەکە ردەدە بۆیە لەبەر ئەوەی ژن و میرد نیە مەسەلە دەبیتە کۆی بەشەکانیان واتە ٥

حالەتی سێیەم:- ئەوەیە کە سەهم و بەشی میراتگرەکان جیاواز بیت بەلام بە یەکسانی پارەکەیان داوە بەو میراتگرەی کە داوای دەرچونی کردوە ، حوکمەکەی بریتی یە لە :

سەرەتا میراتەکە دابەش دەکری تا بەشی هەریەك لە میراتگرەکان بزانری ئینجا هەریەکەو بەشی خۆی بیات ئەوانەی کە صولحیان کردوە و پارەیان داوە ئینجا سەهم و بەشی ئەوەی دەرچوە بەسەر ئەوانەی پارەیان داوە بەگویرەی ژمارەی سەرەکان دەبێ.

نمونە[١] :- پیاوێك مردوە لە پاشی بەجیماوە {داك – ژن – خوشك لە داك وباب – برا لە باب } لەم مەسئەلەدا ژنی مردوەکە صولحی کردووە میراتگرەکانی تر بەیەکسانی هەندی پارەیان داوەتی لەمیراتەکە دەرچوە :

داك	ژن	خوشك لە داك وباب	برا لە باب	مەسئەلە
١/٦	١/٤	١/٢	ماوە	١٢
٢	٣	٦	١	
٣=١+٢	بەشەکەی دەدری بە ئەوانەی تر بە یەکسانی چونکە صولحیان کردوە	٧=١+٦	٢=١+١	

نمونە[٢] :- کەسێك مردووە لە پاشی بەجێماوە :{ داك – کچ – کچی کور – مام } مامەکە صولحی لەگەل هەرسێ میراتگرەکە { داك و کچ و کچی کور } کرد کە تخارج دەکا لە میرات گەر برە پارەیەکی بدەنی ئەوانیش صولحیان لەگەل کرد و رازی بوون بۆیە سەرەتا دەبی بەشەکانیان دیاری بکەین ئینجا بەشی مامەکە دابەشی سەر ئەوانی تر بکری بەیەکسانی هەروەك چۆن بەیەکسانی پارەیان داوە :

داك	کچ	کچی کور	مام	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٦	١/٢	١/٦	ماوە	٦	
١	٣	١	١		٣×٦
٣=٣×١	٩=٣×٣	٣=٣×١	٣=٣×١		١٨

ئەصلی مەسئەلەکە لە ٦ دەردەچی بەلام بەشی مامەکە ١ سهمە و کە صولحی کردوە دەبی دابەشی ئەوانی تر بکری بەیەکسانی واتە ١ سهم بدری بە ٣ میراتگرەکەی تر { داك و کچ و کچی کور } بەلام دابەش نابی بۆیە مەسەلەکەمان جارانی ٣ کردوو لە ١٨ دەرچوو ئینجا بەشی مامەکە پاش راست کردنەوە بوو بە ٣ سهم دەدری بەوانەی کە صولحیان کردووە بەم شیوەیە : بەشی داك {٣+١=٤ سهم } وە بەشی کچ { ٩+١=١٠سهم } وە بەشی کچی کور { ٣+١=٤ سهم } .

حالەتی چوارەم:- یەك لە میراتگرەکان دەرچی لەبەشەکەی خۆی لەبەرامبەر شتێکی دیاری کراو لە میرات ، حوکمەکەی بەم شیوەیە دەبێ:-

١- مەسئەلەکە دروست دەکەین وەك ئەوە کە تخارج بونی نیە هەتا بەشی هەموان دیار بێ.

٢- بەشی ئەوکەسەی دەرچوە لێی تەرك دەکرێ

٣- پاشان ماوە دابەشی سەر ئەوانی تر دەکرێ لە میرات گرەکان .

نمونە[١] :- ژنێك مردوە لەپاشی بە جێماوە { مێرد – داك – مام } و میراتەکە بریتی یە لە ٣٦٠٠ دۆلار ، میردەکە صولحی کرد بە نیوەی بەشی خۆی لەوبەشەی هەیەتی واتە نیوەی بەشەکەی ئیستا بدەنی لەمیراتەکە دەچیتە دەرەوە تەواوی بەشەکەی ناوی :

١- مەسەلەکە دروست دەکەین وەك ئەوە کە تخارج نیە :

مەسئەلەکە لە (٦) میردەکە نیوەی هەیە ١٨٠٠ دۆلار ، داکەکە سێیەکی هەیە ١٢٠٠ دۆلار ، و ماوە بۆ مامەکە ٦٠٠ دۆلار

٢- پاش تخارج و صولحی میردەکە کە پیك هاتبوو لەسەر نیوەی بەشی خۆی واتە لە جیگای ١٨٠٠ دۆلار تەنها ٩٠٠دۆلار دەبات .

٣- ماوە پاش دەرچونی میرد بە نیوەی بەشی خۆی ماوە ٢٧٠٠ دۆلار دایکەکە ٢ سهم بوو وە مامەکەش یەك سهم

٤- بەشی داك پاش تخارج : ٢٧٠٠ دابەشی ٣ دەکەین دەکاتە ٩٠٠ بۆ یەك سهم کە بەشی داکەکە ٢ سهم بو واتە ١٨٠٠ دۆلار .

٥- بەشی مام : ماوە بوو واتە ١سهم ئەویش ٩٠٠دۆلار .

تیبینی:- ئەگەر لەهەمان مەسئەلە داکەکە صولحی کردبی واتە دەرچو بی ئەوا ماوەکە دابەشی سەر چوار دەکرا ٣بەشی میرد و ١ بەشی مام ، وە ئەگەر مامەکە صولح بکات ئەوا ماوەکو دابەشی سەر ٥ دەکرا ٣ بەشی میرد و ٢ بەشی داك .

نمونە[٢] :- ژنێك مردووە لەپاشی بەجیماوە { میرد - خوشك لە داك وباب - خوشك لە باب - خوشك لە داك } یەکیك لە میراتگرەکان دەرچوو ئەوا :

میرد	خوشك لەداك وباب	خوشك لەباب	خوشك لەداك	مەسئەلە
١/٢	١/٢	١/٦	١/٦	٦
٣	٣	١	١	عەول بۆ ٨

١- ئەگەر دەرچوو میردەکە بێ : میراتەکە دابەشی ٥ دەکری بۆخوشك لە داك وباب ٣ و بۆ خوشك لەباب ١ و بۆ خوشك لەداك ١

٢- ئەگەر خوشکەکەی لە داك وباب دەرچوو بیت : : میراتەکە دابەشی ٥ دەکری بۆمێردەکە٣ و بۆ خوشك لەباب ١ و بۆ خوشك لەداك ١

٣- ئەگەر خوشك لەباب دەرچوو بیت : میراتەکە دابەشی ٧ دەکری بۆمێردەکە٣ و بۆ خوشك لەداك وباب ٣ و بۆ خوشك لەداك ١

٤- ئەگەر خوشك لەداك دەرچوو بیت : میراتەکە دابەشی ٧ دەکری بۆمێردەکە٣ و بۆ خوشك لەداك وباب ٣ و بۆ خوشك لەباب ١

٥- ئەگەر هەردوو خوشك لە باب و لەداك دەرچوون بەیەکەوە : میراتەکە دابەشی ٦ دەکری بۆ میردەکە ٣ و بۆ خوشکەکەی لە داك وباب ٣

٦- ئەگەر میردەکەو خوشکەکەی لە داك وباب بەیەکەوە دەرچوون : میراتەکە دابەشی ٢ دەکری بۆ خوشك لەباب ١ و بۆ خوشك لە داك ١

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين